# د.کەماڵ ئارتین: داوای سەربەخۆیی هەمو پارچەکانی کوردستان دەکەین

**Tuesday, January 18, 2011**

دیمانە: نەبەز جەلال

لە رۆژانی (4 - 6)ی حوزەیرانی 2010، 22هەمین (KNC) کۆنگرەی نەتەوەی کورد لە ئەمەریکای باکوری کۆنفرانسی خۆی لە شاری ساندییاگۆی ویلایەتی کالیفۆرنیا سازدا، لەژێر دروشمی (دابەشکردنی کوردستان و کاریگەری رەوانی لەسەر کوردان)، هەروەها لەم کۆنفرانسە دکتۆر کەماڵ ئارتین سەرۆکی نوێی کۆنگرەی نەتەوەی کورد لە ئەمەریکای باکوری هەڵبژێردرا.

دەکات، هاوکات دەڵێت: (KNC) ئارتین لەم دیمانەیەیدا لەگەڵ سبەی باس لە کۆنگرەکەی خۆیان و ئامانجی "رێبەرەکانی رابوردو خزمەتێکی زۆریان کردوە، ئەوکاتەی کە کەس باسی کوردی نەدەکرد، ئەوان نەتەوەی کوردیان بە ئەمەریکا ناساند، بەبۆنەی زەحمەتی ئەوان بوە کە سیاسەتمەدارەکانی ئەمەریکا باوەڕ و متمانەیان بەخشیە سەرکردە و رێکخراوەکانی باشوری کوردستان، ئومێدەوارین لە داهاتوشدا بە خەڵکی ئەمەریکا بتوانین سەرۆکەکانی پارچەکانی تری کوردستان بناسێنین".

سبەی: ئەکرێ باسی دوا کۆنگرەی KNCمان بۆ بکەن؟ کەی بو و باسی چی تیا کرا...؟

لە رۆژانی ٤ تا ٦ جونەی ٢٠١٠ بو لە سان دیاگۆ، (KNC) د.کەماڵ ئارتین: کۆنگرەی ساڵانەی ژمارە بیست و دوی کالیفۆرنیا، تایتڵی ئەمجارەی کۆنگرە لەسەر دابەشکردنی کوردستان و بەرکەوتنی ئەو دابەشکردنە لە رەوانی رێکخراوێکی سێکولاری دیموکراتیك و بێلایەنە، دوایی کارەساتی جینۆسایدی هەڵەبجە لە (KNC)نەتەوەکەمان بو، ساڵی ١٩٨٨ چەند رۆشنبیرێکی کوردی باشوری کوردستان دایان مەزراند.

سبەی: ئەم دەزگایەی ئێوە پتر لە 20 ساڵە هەیە، لەو ماوەیەدا توانیوتانە لە باری لۆبیکردنەوە چی بکەن... بەرهەمتان چ بوە؟

ساڵە دامەزراوە، رێبەرەکانی رابوردو خزمەتێکی زۆریان کردوە، ئەوکاتەی کە ٢٢ (KNC) د.کەماڵ ئارتین: راستەکە کەس باسی کوردی نەدەکرد، ئەوان نەتەوەی کوردیان بە ئەمەریکا ناساند، بەبۆنەی زەحمەتی ئەوان بوە کە سیاسەتمەدارەکانی ئەمەریکا باوەڕ و متمانەیان بەخشیە سەرکردە و رێکخراوەکانی باشوری کوردستان، ئومێدەوارین لە داهاتوشدا بە خەڵکی ئەمەریکا بتوانین سەرۆکەکانی پارچەکانی تری کوردستان بناسێنین، جگە لە وتوێژ لەگەڵ کاربەدەستانی سیاسی ئەمەریکا کاری دیکەش کراوە وەك: کۆنفرانسی سیاسی، مافی مرۆڤ، کلتوری، بۆ ناسینی وەە، بانگهێشتکردنی رێکخراوە کوردیەکان بۆ ئاشتی و (KNC) نەتەوەکەمان یارمەتی ناردن بۆ کوردستان لەلایەن یەك بون.

سبەی: هەوڵەکانی لۆبیکردن لە هەردو ئەمەریکای باکور و ناوەند: ئێوە لە کەنەدا و حیزبە کوردستانیەکان و حکومەتی هەرێم لە واشنتۆن چۆن هەڵئەسەنگێنی... بەرهەمێکتان بوە خەڵک هەستی پێ نەکردبێ و بتەوێ بۆ خەڵکی کوردستانی رون بکەیتەوە؟

د.کەماڵ ئارتین: چەندین کۆنفرانس لەسەر ناسینی نەتەوەکەمان لە واشنتۆن هەبوە، بەرهەمیشی ئەوە بوە کە ئەمەریکا متمانەی کردوە بە سەر رێکخراوە سیاسیەکانی کورد و لەگەڵیاندا دانیشتوە، ئێمە بێ لایەنین، رێزمان هەیە بۆ هەمو حیزبەکان کە کاری نەتەوایەتی دەکەن، گرنگترین بەرهەمی ئەوەیە کە داوای سەربەخۆیی هەمو پارچەکانی کوردستان

دەكات، لە كاتێكدا كە رێكخراوە سیاسیەكان كاری پراگماتیك دەكەن و بەبۆنەی دوژمنانی نەتەوەكەمان ناتوانین بە ئەو كارەی بە دەستگرتوە كە بە هەمو لایەن بڵێت كە هیوای نیهائی نەتەوەی (KNC)رونی داوای سەربەخۆیی بكەن، بە نمونەخواز بناسن، بەڵام كردنخوازانی ئەمڕۆ نمونەخوازانی دوێنێ بون، (KNC) كورد چیە، لام ئەوەیە كەسانێك دەركردنی نوسراوە (KNC) واتە ئێمە وادەبینین كە داهاتوی كوردستان لە ئەمڕۆ باشتر دەبێت، یەكێك لە چالاكیەكانی لەسەر روداوە گرنگەكانی دونیا كە پەیوەندیان بە كوردستانەوە هەیە، نوسینی نامە بۆ كاربەدەستان، داوای ئاشتی، .بەرابەری، دیموكراسی كردن بۆ هەمو مرۆڤایەتی بونە

**سبەی: پێداویستییەكان و ئامرازەكانی لۆبیكردن چین... كورد لە چەندی بەهرەمەند و لە چەندی نامرادە؟**

(KNC) سەربەخۆییە، لە هەمانكاتدا (KNC) زەحمەتە چونكە ئامانجی (KNC) د.كەمال ئارتین: بەداخەوە لۆبیكردن بۆ دەستبەردار و دەستهەڵگر نابێت و نامە دەنوسێ، كۆنفرانس و سیمینار رێكدەخات، لەهەر مەسەلەیەك پەیوەندی بە كوردەوە هەبێ بەشداری دەكات، با بۆئەوەی كە كار باشتر بەرەوپێش بروات، پێویستە كە یارمەتی ئەو سیاسەتمەدارانە بدرێت كە دۆستی گەلی كوردن، كە ئەوان بتوانن لە هەڵبژاردندا سەركەوتوبن، گرفتیش لێرەدا بۆ دروستكردنی لۆبی سەرتاسەری كوردی نەبونی سەرمایەكی رون و گونجاوە بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەوكارە، وەك حكومەتەكانی كوردستانیان داگیركردوە كە دەست واڵان بۆ بەرەوپێشبردنی لۆبی، كە ئەمەش بۆ ئێمە ئەركێكی گرانە .دا نیە(KNC) و لەتوانای

**سبەی: لە ئوسلوبی هەردو حیزبە گەورەكەی باشوری كوردستان، بۆ لۆبیكردن رازیت؟**

د.كەمال ئارتین: هەمو حیزبەكانی باشوری كوردستان مێژوی تێكۆشان و خەباتیان هەیە و بۆ ئێمە گەلێك جێگای رێزن، ئێمە دەزانین كە هەمو رێكخراوەێك كاری باش و كاری خراپیش دەكات، بەبێ ئەوەی لایەنی كەسێك بگرین ئێمە تێدەكۆشین كە رەخنەی لەسەر بگرین، بەڵكو كاری خراپ كەمتر بێت، بە لای ئێمە ئەو دو رێكخراوەی ئێستای دەسەڵاتی باشور بەشێك لە بزوتنەوەی نەتەوەیی كوردن هەروەها كە رێكخراوەكانی دیكەی ئەو پارچەكانی دیكەی كوردستان بەشی دیكەی بزوتنەوەكەمانن، هەر رێكخراوەیەك كە بەسەر حكومەت بێت ئیمكانی كاری گەندەڵی هەیە، لە كاتێكدا كە ئێمە بە بێلایەنی رەخنە لە گەندەڵكاری دەگرین، لەبیر ناكەین كە دوژمنانی نەتەوەكەمان گەندەڵكاریان .زۆرترە و بەر لەئەوەی كە دژ بە خۆمان بین، دژ بە ئەوانەین كە هەمو مافێكی مرۆڤیان لە نەتەوەكەمان گرتوە

**سبەی: كورد بەگشتی چی بكا باشە، بۆ ئەوەی بتوانێ لۆبییەكی كاریگەر لە ناوەندە بریار بەدەست و بریار دروستكەرەكانی دنیادا دامەزرێنێ؟**

د.كەمال ئارتین: بە رای من دەبێت كورد كەمتر لە مافی چارەنوسی نەبێت، بەواتای ریفراندۆم بێت كە كورد چی دەوێت، 98% كورد لە باشوری كوردستان لە دەنگدانێكی چەند ساڵ لەمەوبەردا، داوای سەربەخۆیی كرد، حكومەتی هەرێم دەبێت رێز لەو خواستە بگرێت و كاری بۆ بكات، هەمو ناوەندە دەسەڵاتدار و زلهێزەكانی لێ ئاگاداربكاتەوە و بیكاتە مافێكی رەوای گەلەكەی لە دونیادا، كە ریفراندۆمی رەسمی لە باشوردا و هەروەها لە هەمو پارچەكانی كوردستاندا بەرێوە بەرێت، بە رای من ئەمڕۆ كاری دیكەی جگە لە بزوتنەوەی ئاشتیخوازی بزوتنەوەی دیكە بەرهەمی نیە، بە بروای من دوژمنەكانمان ئێمە بكوژن ئێمە ئەوان ببەخشین چون ئێمە مرۆڤایەتیمان دەوێت، جگە لە ئاشتیخوازی هیچ كارێكی تر بەرهەمی نیە بۆ كورد بۆ ئەوەی نەتەوەكەمان سەرفرازبێت، تا ئەوكاتەی زمانی كوردی بەزمانی فەرمی لە توركیا، ئێران، سوریا قبوڵ نەكراوە، كورد نابێت جگە لە زمانی دایك بەزمانێكی دیكە لەوڵاتانە بخوێنێت و ئیش بكات، بایكۆتی ئەو زمانانە بەرێگەی ئاشتیخوازی باشترین كارە كە ئەو وڵاتە .داگیركراوانەی ناچاربكات وڵاتەكەمان ئازاد بكەن وەدەربێنێت